﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾

# وەڵامی شەرعی بۆ پرسیاری خوێنەران

م / خليل أحمد

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين ،وبعد:**

ئەم گۆشەیەی گۆڤارەکەمان فەتوای زانایان و و وەڵامی پرسیار و کێشەی خوێنەرانی بەڕێز دەربارەی فیقە و حەدیس و ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە شەریعەتەوە هەیە لە ئامێز دەگرێت ، بە ویستی خوای گەورە لە هەموو ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە بەنرخەدا ژمارەیەك فەتوا و وەڵامی بە سوودی زانایانی متمانە پێکراو و سەرچاوەی متمانە پێکراو دەخەینە بەر دەستی خوێنەران، ئەمەیش وەڵامی چەند پرسیارێکە :

ث ١ / پرسیار کرا لە شێخی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەربارەی مانای ووتەی ئەو کەسەی کە دەڵێت (حب الدنيا رأس كُل خطيئة) ئایا ئەم تاوان باری یە لە ڕووی سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی خوایە ، یان لە ڕووی کۆکردنەوەی ماڵی دونیایە ؟

وەڵام / لە وەڵامدا دەفەرمێت :
(ئەم ووتەیە لە پێغەمبەرەوە﴿ﷺ﴾ نەسەلمێنراوە ، بەڵکو وا باوە کە (**جندب**)ی کوڕی (**عبدالله البجلي**) ﴿رضي الله عنه﴾هاوەڵی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ووتبێتی، وە وتراوە کە پێغەمبەر (**عيسى**)﴿ﷺ﴾ وتبێتی .

ئەوەیش بزانە کەسێك کە لەم ووتەیە زۆر ڕۆدەچێت و زیادڕەوی تێدا دەکات ، خۆ بە فەیلەسوف زانەکان و هەندێك لە سۆفیەکانە کە لەسەر ڕێڕەوی ئەوان دەڕۆن .

بەڵام حوکمی ئیسلام لە سەر ئەم مەسەلەیە ئەوەیە : ئەو خۆشەویستیەی دونیا کە مرۆڤی لە سەر سزا بدرێت ئەوەیە کە ببێتە هۆکار و هەڵنانی مرۆڤ بۆ تاوان کردن ، ئەمەیش وا پێویست دەکات مرۆڤ زوڵم و درۆ و خراپەکاری بکات ، بێگومان پێداگری مرۆڤ لە سەر ماڵی دونیا و پلە و پایە مرۆڤ دووچاری تاوان دەکات ، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ لە بوخاری و موسلیمدا فەرموویەتی : ﴿إياكم والشح فإن الشح أهلك من كان قبلكم ، أمرهم بالبخل فبخلوا ، وأمرهم بالظلم فظلموا، وأمرهم بالقطيعة فقطعوا﴾[(١)].

واتە : وریای حەزکردن و پێداگری نادروست بن لە ماڵی دونیا ، چونکە پێداگری و خۆشەویستی دونیا ئوممەتانی پێش ئێوەی لە ناو بردووە ، فەرمانی پێکردن بە پیسکەیی و دەست قوچاوی ئەوانیش کردیان ، و فەرمانی پێکردن بە زوڵم و ستەم ئەوانیش کردیان، و فەرمانی پێکردن بە بڕینی پەیوەندی خزمایەتی ئەوانیش بڕییان .

(کعب )ی کوڕی (مالك) ﴿رضي الله عنه﴾ لە پێغەمبەرەوە ﴿ﷺ﴾ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی :﴿ ما ذئبان جائعان أرسلا في غنم بأفسد لها من حرص المرء على المال والشرف لدينه﴾[(٢)].

واتە : پێداگری مرۆڤ لە سەر ماڵی دونیا و پلەو پایە لە دونیادا خراپترە بۆ لە ناوبردنی دینی مرۆڤ ، لە دوو گورگی برسی بکەونە ناو بڕکەیەك مەڕ و بزنی بێ شوان کە چۆن لە ناوی دەبەن ، کەوابوو پێداگری مرۆڤ لە سەر ماڵ و پلەو پایەی دونیا دیانەتی مرۆڤ لە ناو دەبات بەڵام خۆشەویستیەك کە تەنها لە دڵدا هەبێت، بەڵام ئەوەی خوا فەرمانی پێکردووە بیکات و ئەوەیشی کە نەهی لێکردووە نەیکات ، و لە خوا

(١)- (صحيح سنن أبي داود) رقم : (١٦٩٨) و(صحيح الجامع الصغير) رقم : (٢٦٧٨) .

(٢)- (صحيح سنن الترمذي) رقم : (٢٣٧٦) .

بترسێ و نەفسی خۆی قەدەغە بکات لە ئارەزووە خراپەکانی نەفس ، ئەوکاتە خوای پەروەردگار سزای نادات ، بەمەرجێك نەیکاتە کردەوە ، پاشان کۆکردنەوەی ماڵی دونیا بە مەرجێك پێویستی و مافەکانی خوای تێدا ئەنجام بدات ، وە بە حەرام پەیدای نەکردبێت لە سەری سزا نادرێت . بەڵام دەرکردن و بەخشینی ماڵی زیادە و وەستان لە ئاستی پێویست ( ماڵێك بەشی ژیان بە سەر بردن بکات ) باشتر و سەلامەتتر و ئاسانترە بۆ دڵی ئادەمیزاد و کۆکارە بۆ ئاواتەکانی موسوڵمان و بە سوودترە بۆی لە دونیا و قیامەتدا ، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت : ﴿ مـن أصبح والدنيا أكبر همه شتت الله عليه شمله وجعل فقره بين عينيه ولم يأته من الدنيا إلا ما كتب له ، ومن أصبح والآخرة أكبر همه جعل الله غناه في قلبه وجمع عليه ضـيعته وأتته الدنيا وهى راغمة ﴾(٣) .

واتە : هەرکەسێك ڕۆژبکاتەوە و زیاتر دونیا جێگەی گرنگی پێدانی بێت ، خوای گەورە کارەکانی پەرش و بەلاو دەکات و مۆرکی هەژاری لە نێو چاوانی دادەنێت ، دونیایشی دەست ناکەوێت ئەو ئەندازەیە نەبێت کە بۆی نووسراوە ،وەهەرکەسێکیش ڕۆژبکاتەوە و زیاتر قیامەت جێگەی گرنگی پێدانی بێت ، خوای گەورە دڵی دەوڵەمەند دەکات و کارەکانی بۆ ئاسان دەکات و دونیاش بە ملکەچی دێتە بەر دەستی))(٤) .

ث٢/ پرسیار کراوە لە ئیمامی ئەحمەد - ڕەحمەتی خوای لێبێت - دەربارەی کەسێك شەریکی گاور و جولەکە بکات لە کڕین و فرۆشتندا ؟

وەڵام / لە وەڵامدا دەفەرمێت : شەریکیان دەکات بەمەرجێك خۆی سەرپەرشتی کڕین وفرۆشتن بکات ، چونکە ئەوان ڕیبا دەخۆن ، وماڵی خەڵك بۆ خۆیان بە حەلاڵ دەزانن ، ئیمام ئەحمەد فەرمووی : چونکە ئەوان

(٣)- ورد هذا الـحديث بلفظ قريب من هذا فـي (صحيح سنن الترمذي) رقـم : (٢٤٦٥) و(صـحيح الترغيب والترهيب) رقم : (٣١٦٨) .

(٤)- بڕوانە : (مجمـوع الفتـاوى): (١١ / ١٠٧ - ١٠٨).

ووتویانه : ﴿لَيس علَينا في الأُميين سَبِيلٌ﴾ [آل عمران : ٧٥] ، واته : ئەهلیکیتاب ووتیان هیچ تاوانمان لە سەر نی یە ئەگەر ماڵی جگە لە خۆمان پێ سپێردرا بیخۆین و نەیگێڕینەوە .

لە ڕیوایەتێکی تردا ئیمام دەربارەی شەریکی گاورو جولەکە دەفەرمێت : (بەچاکی نازانم و پێم باش نییە ، بە مەرجێك نەبێت موسڵمان خۆی هەستێت بە کڕین و فرۆشتنەکە.

( ئەبو بەکر الخلال ) دەفەرمێت:

هەموو ڕیوایەتەکان لە ئیمامی ئەحمەدەوە کۆ و جێگیرن لە سەر کەراهەتی شەریکی و جامبازی (**مضاربة**)ی گاور و جولەکە تەنها بەمەرجێك نەبێ موسڵمان خۆی هەستێت بە کڕین و فرۆشتن ، هەروەها لە کتێبی (المغني / ابن قدامة)دا [٥] هاتووە دەفەرمێت ئیمامی ئەحمەد فەرموویەتی : ( موسڵمان دەتوانێت شەریکی گاور و جولەکە بکات بە مەرجێك پارەو سامانەکەی نەداتە دەستیانەوە ، خۆی هەستێت بە کڕین و فرۆشتن ، چونکە ئەوان سوو ( ڕیبا ) دەخۆن و بەکاری دەهێنن.

وەپێشەوایان (**الحسن**) و (**الثوري**) هەمان بۆچونیان هەیە ، و ئیمامی شافیعی ( ڕەحمەتی خوای لێبێت) شەریکیان بە هەموو جۆرێك بە مەکروە دەزانێت ، چونکە ڕیوایەت کراوە لە ( ابن عەباس )ەوە ﴿رضي الله عنه﴾ کە فەرموویەتی: (أكره أنْ يـشارك المـسلم اليهودي ...)[٦].

ث٣ / پرسیار کراوە لە شێخی ئیسلام ( **ابن تيمية** ) ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ کەسێك شتێك لە کەلوپەل وشت ومەك ( **سلعة** ) بە پارەی حەلاڵی خۆی دەکڕێت ، بەلاّم نازانێت سەرچاوەی ئەو کەل و پەلە، حەلاڵە یان حەرامە ؟ پاشان دەردەکەوێت کەحەرامە ، ئایا تاوانبار دەبێت یان نا ؟

لە وەلاّمدا دەفەرمێت : هەر کات کڕیار باوەڕی وابوو کە بە ڕواڵەت کەل و پەلی دەستی فرۆشیار هی خۆیەتی و کڕی ،تاوانبار نابێت با لە

---

(٥)- (المـغنـي لابن قدامة) : (٥ / ٣) .

(٦)- بروانە : "أحكام أهل الملل" للخـلال : لاپەڕە : (١٠٦) .

حەقیقەتـدا فرۆشـیار دزیبێتـی کـە ئـەم نایزانێت ، کڕیار هیچ تـاوانێکی لـە سـەر نیـیــە و لــە دونیــا و قیامەتــدا هــیچ ســزایەکی لــە ســەر نیـیــە ، بــژاردن و قەرەبووکردنەوەی لەسەر ئـەو کەسـەیە کە فێڵـی لێ کـردوە و پێـی فرۆشـتوە ، ئینجا ئەگەر خاوەنی ڕاستەقینەی پەیدا بـوو کەلوپەلەکـەی بـۆ دەگێڕدرێتـەوە و کڕیاریش پارەکەی خۆی وەردەگرێ لـە فرۆشیار ، فرۆشیاری ستەم کاریش سـزا دەدرێت، کەوابوو هەر کەسێك لە زانایان لەم حوکمەدا جیاوازی خـستبێتە نێـوان کەسێك بزانێت و شـت بکڕێت وکەسـێك نــەزانێت ئــەوە پێکــاوێتی ، وەهــەر کەسێکیش لە زانایان ئـەم جیاوازییـەی نەکردبێت ئەوا بە هەڵـەدا چـووە ، والله أعلم)[٧] .

ث[٤] / پرسـیار کـرا لـە شـێخی ئسلام ( **ابن تيمية** ) ـ ڕەحمەتی خـوای لێبێت ـ دەربـارەی کەسـێك شـت ومـەك دانێت بۆ فرۆشتن و بە زیاد لە نرخی باو (**معتاد** ) بیفرۆشێت، هەندێ جـار کڕیـار نرخی ئەو شتە نازانێت ئایا ڕەفتارەکەی دروستە یا نا ؟

وەڵام / لە وەڵامدا دەفەرمێت :

ئەگەر هاتوو کڕیار نەزان بـوو بـە نرخـی ئـەو شـتە دروسـت نییـە بـۆ فرۆشـیار دەستی ببڕێت و لە نرخی باو زیاتری لێ بسێنێت، بەڵکو ( **واجب** )ە لە سەری بـە نرخی بـازاڕ یـان نزیـك لـەو نرخـە پێـی بفرۆشــێت،وە ئەگــەر فیڵــی لێکــرد و دەسـتی بڕیـو زۆری لـێ سـەند ، کڕیـار دەتوانێت ئەو مامەڵەیە هەڵوەشێنێتەوە یـان بـەردەوامی بکـات ، لـە حەدیـسدا ڕیوایەت کراوە (غبن المسترسل ربـا)[٨] ، واتە : دەستبڕینی نەزان بە نرخـی شـت ڕیبایــە ، وە ســەلمێنراوە لــە کتێبــە صەحیحەکاندا کە پێغەمبەر(ﷺ) :

﴿نـهى عن تلقي الـجلب حتى يهبط به السوق﴾ [٩] ، واتە: نەهی کردووە لە بـە پــێرەوە چــوونی شــتی هێنــراو تــا

---

(٧)- بڕوانە : (مجموع الفتاوى) : (٢٩ / ٢٩٣) .

(٨)- ضعفه العلامة الألبانـي في "سلـسلة الأحاديـث الضعيفة رقم : (٦٦٨) ، وقال باطـل ، وضـعفه في : (ضعيف الـجامع) رقم : (٣٩٠٨) .

(٩)- (صحيح سنن أبـي داود) رقـم : (٣٤٣٧) ، و(صحيح الـجامع الصغير) رقم : (٦٩٤٥) .

دادەبەزێتە بە بازاڕ ، پێغەمبەر(ﷺ) مافی هەڵبژاردنی داوەتە فرۆشیار کە هاتە بازار بەردەوام بێت لە فرۆشتنەکەی یان پەشیمان بێتەوە ، چونکە فرۆشیار پێش ئەوەی بێتە بازاڕ لەوانەیە نەزان بێت بە نرخی کەلوپەلەکەی بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) نەهی کردووە کە کڕیار دەچێتە دەرەوەی شار شت لە فرۆشیار بکڕیت لەبەر ئەوەی فێڵ و خەڵەتاندن و درۆی تێدا دەکرێت و مافی پەشیمان بوونەوەی بۆ سەلماندووە کاتێک حەقیقەتی بۆ ئاشکرا بوو ، کەوا بوو هەموو کەسێك نەزان بوو بە نرخی شتومەك دروست نیيە فێڵی لێ بکرێت و درۆی لە گەڵدا بکرێت . وەك کەسێك شتومەك دابنێت و نرخێکی زۆری لەسەر دابنێت کە ئەونرخە باو نەبێت بۆ ئەوەی کڕیار نرخێکی لەوە کەمتری پێ بدات، بەڵکو دەبێت بە نرخی بازاڕ پێی بفرۆشێت ، والله أعلم)[١٠].

**وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلّه رَبِّ الْعَالَمِيْنَ .**

(١٠)- بڕوانە : (مجموع الفتاوى) : (٢٩ / ٣٥٩) .

**من أقوال السلف**

**قال الامام الفضيل بن العياض (رحمه الله): ﴿ مَنْ جلَسَ مَعَ صاحبِ بدعةٍ فاحذرْهُ،ومَنَ جلسَ مَعَ صاحبِ البدعةِ لَمْ يعطِ الحكمةَ،وأحِبُّ أنْ يكونَ بيني وبينَ صاحبِ بدعةٍ حِصْنٌ مِنْ حديدٍ،آكُلُ عندَ اليهودي والنصراني أحَبُّ اليّ مِنْ أنْ آكُلَ عندَ صاحبِ بدعةٍ ﴾[1] .**

**واتە/ هەرکەسێك لەگەڵ خاوەن بیدعەیەك دانیشت ئەوا خۆتی لێبپارێزە،وەهەرکەسێك لەگەڵ خاوەن بیدعەیەك دابنیشێت ئەوا دانایی وکاربەجێیی پێ نابەخشرێت،وەپێم خۆشە لەنێوان من وخاوەن بیدعەدا دیوارێکی ئاسن هەبێت،وەئەگەر لەلای جولەکەو گاور خواردن بخۆم پێم خۆشترە وەك ئەوەی لای خاوەن بیدعە بیخۆم .**

(1) – (اللالكائي) : (٤/٦٣٨ رقم ١١٤٩).